# عەرەبەکان مەلا کرێکار بەخێو دەکەن و مەعشوق تیرۆر دەکەن

تەها ئەمین هەڵەدنی

ئەگەر سەرپێیەک لە ماتۆرەگەڕۆکەکانی وەک گۆگلە یا ماڵپەڕی ئەلجەزیرە ووشەی مەلا کرێکار بنووسرێت، ئەوکات دەها نمونەت دەداتێ. بۆ ئەم گرنگی پێدانە؟

ئەی ئایا هەرنگرنگیداوە بە کەسایەتیەکی سیاسی کورد، یا ئاینی، هەربۆنمونە شێخ مەعشوق؟

نەخێر، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە عروبەو ئیسلام مەلاکرێکاریەکانیان وەک کۆرپەیەکی خۆیان لە باوەش گرتوەو بە هەموو توانای خۆیان بەخێوی دەکەن. چونکە مەلا کرێکار توانی بەلایەنی کەمەوە دوو کۆمەڵ کوژی دژی ڕەشوو ڕووتی کورد ئەنجام بدا.چونکە مەلاکرێکاریەکان هێندەی لە غەمی کێشەی قودسدان، هێندە لە غەمی ئازادی کەرکوکدا نین. بەڵکوو ئەوان هەر کەرکوکیشیان لەیاد نیەو بە کێشەی خۆیانی نازانن. ئەوان هێندە شەیدای دوژمانایەتی کردنی ئیسرائیلن،1لەسەر میلیۆنی ئەوە سەرگەرمی دژایەتی کردنی داگیرکەرانی کوردو کوردوستان نین. ئاخر بۆ جوولەکە بکەن بە دوژمن،چونکە نەتەوەیەکن تژین لە فەیلەسوفوو زایان، ئیسلامیەکان هەتا سەرئێسقان دژی جوانیو هونەرو فەلسەفەو زانستن.

چونکە هەر مەلا کرێکارو داروودەستەکەی بوون کە ڕۆڵەی ڕەشووڕووتی کوردیان گەیاندە ئەفگانستان تا سەرک وەزیرانی ئەفگانستان بکوژێ. ئاخر کورد دوژمنی کەمە لای مەلا کرێکار. بۆیە دەبێ دوژمنانی کورد زیاتر بێ.

مەلا کرێکار بە دوژمنایەتی کردنی عروبە و ئیسلامی تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران ڕازی نیە و بە کەمی دەزانێ. چونکە مەلاکرێکاریەکان باوەڕیان وایە کورد نەتەوەیەکی خۆگرە و وەک نەتەوەکانی تری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست نین، کوردخۆی گرت و نەتوایەوە لەناوعەرەبداو بەکوردی خۆی مایەوە.

مەگەر هەوادارانی مەلا کرێکار نەبوون لە ستۆکهۆلمی پایەختی سوید سسزادران، بەتاوانی کۆمەڵ کوژیەکەی هەولێر؟

مەگەر مەلا کرێکار ئەبعوبێدولای جەڕاحی جەلادی لای منداڵانی هەورامان پیرۆز نەکردبوو تا ئاستی خوا؟

ئەبوو عوبێدولای جەڕاح وەک سەدام دەستی لە منداڵی شیرەخۆرەش نەپاراست. کوڕی جەڕاح وچەتەکانی هاودەنگی توخمی نێریان سەرجەم لەتوو پەتکرد،لەگەڵ ژنی بەساڵاچوودا. بەلام کیژی گەنج و کۆرپەی کچیان برد بە تاڵان و گەندنیانە بیابانی نمچەدوورگەی عەرەبی. بڕوانە گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام کە حەمەی حەمە سەعید کردویە بە کوردی لە فارسیەوە. مەلا کرێکاریەکان باوەڕیان وایە کە باوباپیری کورد کافر بوون، بۆیە لای ئەنساری ئیسلام ئەنفالکردنی کورد کارێکی ڕەوایە لایان.

عروبە و ئیسلام مەلا کرێکار لە باوەش دەکەن، بەخێوی دەکەن. چونکە هاودەنگی تعریبە. ئەلجەزیرەیەکان جێگەیەکی تایبەتیان بۆ مەلاکرێکاریەکان تەرخان کردوە. ئەوان مەلا کرێکاریەکان بەخێو دەکەن چونکە مەلا کرێکاریەکان دەهەنگاویتر کورد لە ئازادیو سەربەخۆی دوور دەخەنەوە.

ئاخر مەگەر هەر مەلاکرێکار نەبوو دەیووت: ئێمە باوەڕمان بە سەربەخۆی نەتەوە نیە، باوەڕمان بە دەسەلاتداری دیموکراتی نیە. مەگەر هەر ناوبراو نەبوو کە ووتی: دیموکراتی گەورەترین دوژمنی ئیسلامە.

هەر مەلا بوو ووتی کە ئێمە باوەڕمان بە دەسەلاتداری ئیسلامە.

ئەلجەزیرە لە نمایندەی عروبەو ئیسلامەوە سەکۆیەکە کە شەڕی دەرونی لە گەڵ تەواوی گەلی کورد دەکا. ناوبراوان دەیانەوێ نەخۆشەیە دەرونیەکانی مەلا کرێکاریەکان (منی هەرە گەورە) بۆ بهێننە دی. ئاخر پێش 20ساڵ کاتێک محەمەد مەهدی جەواهیری کە لەباوەشی گرتم خۆم بە شای جوانانی جیهان نەدەگۆڕیەوە1. کوردواتەنی پێم ئەرزۆ نەدەگرت .ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی خۆشەویستی خۆ دەرخستنەوە. من ووشەی منم لا گرانەو هەتا بتوانم هەوڵ دەدەم کە خۆ بپارێزم لە ووشەی (من)،لەگەڵ ئەوەشدا کە وێنەکەی خۆمم دی لاپاڵ شای نووسەراندا محەمەد مەهدی جەواهیری،سەرجەم سایتۆپلازمای گیانم کەوتەنە سەما.

ئەوانە دەیانەوێ بڵێن تەماشا کەن خەڵکی کورد ئێوە تەنها یەک کەسایەتیتان تێدایە ئەویش مەلا کرێکارە. ئەلجەزیرە لاسایی مەدیاکانی جیهان دەکاتەوەو باوەڕیان هەیە کە مەدیایی ڕۆژئاوا سەرکەوتوە لەکارەکانیاندا، کاتێک کە بیانەوێ کەسایەتی دروست بکەن، وێنەکەی هەمیشە لە شوێنێکی بەرزدا دەکەنە ئارم.

عروبە ئازمایش باشی وەرگرتوە لە مەدییای کلاسیکەیەکی سەدامەوە،چونکە سەرجەم مەدیای عێراق بریتیبوو لە بلاو کردنەوەی وێنەی مرۆڤ خۆرەکەی بەغداد.

عروبەو ئیسلام و تورکە فاشستەکانیش مەلا بشیریەکان پەروەدەکەن.

ئەوان باش دەزانن کە مامۆستای تیرۆرمەلا بەشیر تۆوی جەهل تەخەلووف دەچێنێ. تورکە فاشستەکان باش دەزانن کە قوتابخانەکەی مەلا بەشیر قوتابخانەی تیرۆرە. ئەوان دەزانن کە مەلا بەشیرەکانن کە کۆت دەکەنە گەردنی ڕەشوورووت.

خودی مەلا بەشیر ئەڵێ لە سێدێیەکیدا: کە خەڵکی دەپرسن ئەو ئۆتۆمبیلە گرانبەهایەیی لە کوێ بوو، من لە وەڵامدا دەرێم، وەزارەتی ئەوقافی توریکا پێی بەخشیوم!

مەلا بەشیر بەو قسە دوو تیر دەشکێنێ یەکەم ڕێکلام بۆ تورکیا دەکا کە تورکیا وولاتێکە چاوی لە موسڵمانانە، دوەم چاو بەستی خەڵکە ڕەشوورووتە دەکا کە دزی ناکاو لە گیرفانی ڕەشوو ڕووتی دەرناهێنێ.

عروبە و ئیسلام عەبدولخاق تیرۆر دەکا.

بۆ عەبولخالق مەعرف تیرۆر دەکەن؟

عەبولخالق مەعروف تیرۆر دەکەن، چونکە عەبدولخالق دەیەوێ کە خەڵکی ڕەشوو ڕووت تێبگەن بە زمانی زگماکی خۆیان کە ووتەکانی حەمەی ئامە قورەیشی چی ئەڵێ. چونکە پێشتر خەڵک کە عەرەبیان نەدەزانی، وا تێگەشتبوون کە قسەکانی کاکە حەمە هەموو فەلسەفەو هوونەرە!

بەڵام مامۆستا عەبدولخالق ئەیەوێ بە خەڵک بڵێ نەخێر وانیە، قسەکانی حەمەی عەبدوڵا وەک قسەی هەر سەرک خێڵێکی عەرەبی دواکەوتوە. چونکە محەمەدی کوڕی عەبدوڵا پێشنیار دەکا بۆ چارەی نەخۆش کە میزی حوشتر بخۆنەوە.چونکە ئەوان لەوە زیاتر زانستێکی تریان نەبوە. سەحیح بوخاری ژمارە 5254.

عروبەو ئیسلام لە وەرگێڕانی قورئان تۆقیون، چونکە دەزانن ئەگەر هەر نەتەوەی لەئاستی خۆیەوە لە قورئان تێبگا، ئیتر قورئان بازاڕو ڕەواجی نامێنێ.

چونکە دەزانن ئیتر کەس باوەڕی بەدەستبڕینی دز نەماوەو بە چارەسەری کێشەکەی نازانن. بۆیە عەبدولخالقیان تیرۆر کرد،تا کەس نەوێرێ بنووسێ کە فەیلەسوفەکەی مەککە پێشنیاری خواردنەوەی میزی حوشتر دەکا.

عروبەو ئیسلام شێخ سەعیدی پیرانیشان لە سێدارەدا،چونکە نابێت ئیسلام بەکاربهێندرێت بۆ کێشەی نەتەوایەتی جگە لە قدس و ئەسکەندەرەیە. ئەوان قازی نەمریشیان لە سێدارەدا، چونکە ئیسلام دەبێ تەنها لەپێناو کێشەی پان فارسیدا بەکاربهێندرێت.

عروبەو ئیسلام جێگری لێکۆلینەوەی ئیسلامی شام شێخ محەمەد مەعشوق غەزنەوەیشیان لە ژێر ئەشکەنجەدا تیریۆر کرد. پاشانیش وەک خۆشەویستێکی خۆیان لەدەستدابێ بەشداری ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمەکەشیان کرد. ئەمە ڕەوشتی ڕاستەقینەی عروبەو ئیسلامیشە چونکە خودی قورائان ئەڵێ درۆ بکە، بەڵام لەسزای درۆکردنەتدا نانی 10 هەژار بدە، یان کەلوپەل بۆ 10هەژار بکە،قورئان سورەی مائیدەژمارە 89.

خومەینی بەبەر چاوی هەموو جیهانەوە سوێندی خوارد کە تێکەڵی سیاسەت نەبێ، بەڵام پاش ئەوەی دەسەلاتی شیعە لە ئێران سەقام گیر بوو، چۆلەکەیەکیش بە بێ فەرمانی خومە نەیدەتوانی بە ئاسمانی ئێراندا گوزەر بکا. هەرخوودی ئاخوندەکانی شیعە بە درێژایی 1400 باسی چەوسانەوەو دادی ڕەوایان دەکرد، ئەوان پێیان دادەگرت کە جیهانێکی دادوەرانە دەخوازن ئەگەر ببنە خاوەن دەسەلات.

دکتۆر مەحمود عوسمان ئەڵێ: زانیاریمان هەیە کە جەعفەری بەدەستی خۆی خەتی بەسەر دەسەتەواژەی عێراقی فیدراڵ و دیموکراتیدا هێناوە. کورد ئەڵێ: دیوار لەگەڵ تۆمە پاسار گوێت لێ بێ، عەمار حەکیم ئەڵێ بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابین کە کەرکوک بلکێندرێت بە کوردوستانەوە. ئەی کوا جیاوازی ئەمانەوە سەدام؟

هەردوێنێو پێرێش جەعفەری بڕایاریداوە کە سەرلەنوێ عەرەباندن دوبارە بکاتەوە، ئەوەش بە دەرکردنی سەرجەم پۆلیس وسەربازانی کورد!

عروبە وئیسلامی سوریا بەڵێنی ڕیفۆرم(چاکسازی لەدەسەلات) بەلام لە سەرەتای ئەو ڕیفۆرمەیاندا،نوێنەری مافی مرۆڤ زیندانی دەکەن. لەگەرمەی چاکسازیاندا مارتن لۆتەری کورد(شێخ مەعشوق) تیرۆر دەکەن.

شێخ غەزنەوەی لە هەوڵداندا بوو کە دینی ئیسلام بەکاربهێنێ بۆ ئازادی کورد و کوردوستان. عروبەو ئیسلام ئەمەیان بۆ قوتنەدراو بەکارهێنانی ئیسلام لە ڕێی ئازادیدا تەنها بەمولکی عروبە دەزانن، ئەوان تەجروبەیەکی دوورو ودرێژیان هەیە. چونکە عەرەب تەنها لە نیوەی نیمچە دورگەی عەرەبیدا هەبوون، بەلام بەهۆی ئیسلامەوە ئەوەتا لە ئەندەنوسیاوە پارێزگاری لە فەلەستین دەکەن. مارتن لۆتەرەکەی کوردوستان ووتی: کە دەبێ دین و دەوڵەت جیابن لەیەک، ئەم بۆ چونەش دژی عروبەو ئیسلامە. شێخی هەرگیز نەمر پەرچەمی کوردوستانی وەک بەرماڵ لە مل دەکرد. بۆیە لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستدا.

ئەگەر وەک مەلا کرێکار وزەی خەڵکی کوردی لە پێناو فەلەستیدا بەکار بهێنایە، ئەوسا هاتەهەتایە وەک پێغەمبەرێک لێیان دەنواڕی.

ئەوەتا مەلا کرێکار لە جیاتی پەلاماری سەدام یا خومەینی،یا ڕێویەکی شام گورگەبۆرەکانی تورکیا بدا،ڕۆڵەی نەگبەتی کورد ڕەوانەی ئەفگانستان دەکا. لەسەنتەری ئاسایش و ئارامی جیهانەوە(نەرویج) پلانی کۆمەڵکوژی کورد دادەڕێژێ.

مەلاکرێکاریەکان دەیانەوێ پیاوە ئاینەیەکوردەکان وەک سەلاحەدین هەرگیز باسی کوردو کوردوستان نەکەن لە خوتەبکانیاندا، لای ئەوان کفرە گوناهە باسی نەتەوایەتی بکردرێت، جگە لە فەلەستین. بۆیە جێگەی شێخ محەمەد مەعشوق غەزنەوی لە بۆتەی مەلا کرێکاریەکاندا جێگەی نابێتەوە.

نەمری و سەرفرازی بۆ شێخی نەمر،ڕیسوایی وسەرشۆڕی بۆ ڕێویە گۆڕبەگۆڕەکەی شام.

ئەم بابەتە هەر پاش تیرۆرکردنی شێخ مەعشوق نوسراوە، بەڵام بەهۆی کێشەی ڤیرۆسەوە دواکەوت.



